عەبدوڵڵا پەشێو:

(ئەنفال) بیری قەومیی عەرەبییە لەپراکتیکدا

بەشی سێیەم و کۆتایی

*** باشە هەر لەو پێوەندییەدا چۆن دەروانییە دەستەواژەو چەمکی برایەتی کوردو عەرەب، کوردو تورك و کوردو فارس کە هەندێك لەسیاسەتڤان و ڕۆشنبیرانی کورد هەمیشە باسی دەکەن؟**

– من قەت نەمبیستووە فینلاندییەك بڵێ بژی برایەتی فینلاندی‌و سوێدی، یا لە سویسرا لەسەر جادان شیعاری برایەتی گەلانی سویسرا بشێرێنن. ئەوە قسەی قۆڕەو کەس تێی ناگات. باسی برایەتی لەجێگایەك دەکرێ کە برایەتیی ڕاستەقینە نەبێت. دیارە مرۆڤ برای مرۆڤە. من خۆم بەبرای پشیلەش دادەنێم. هەموومان لەسەر یەك گۆی زەوی دەژین و یەك هەوا هەڵدەمژین و دەستکردی یەك خالقین. من هەست بەیەکیەتی‌و هارمۆنیا دەکەم لەگەڵ هەموو مەخلوقێکدا. بەڵێ، ئێمە لەگەڵ هەموو میللەتاندا براین، بەڵام ئەوان لەخاکی ئازادی خۆیان و ئێمەش لەخاکی ئازادی خۆمان. تەنانەت دەکرێ لەیەك وڵاتیشدا بژین، بەڵام بەیەکسانی‌و لەسەر بنچینەی مافی چارەنووس و هەڵبژاردنێکی ئارەزوومەندانەی هەردوولا.

*** بۆچوونێکی ڕەخنەگرانەی توندت هەیە بەرامبەر دەستەواژەی (هەرێمی کوردستانی عێراق)، ئەو بۆچوونەت لەچییەوە سەرچاوە دەگرێ؟**

– ڕاستە، زۆر ڕقم لێی دەبێتەوە. ئێستا بەداخەوە وشەی (هەرێم) جێگەی (کوردستان)ی گرتۆتەوە. تەنانەت لەمانشێتی ڕۆژنامەکانیشدا. هەرێم وەکو (شیمال)ەکەیە، وەکوو (ناوچەی ئۆتۆنۆمی)ی بەعسییەکانە، هیچ جیاوازی نییە. ئەو تایبەتمەندییەی لەوشەی کوردستاندا هەیە لەهیچ وشەیەکی فەرهەنگەکانی دنیادا نییە. لێرەدا حەز دەکەم ئەوە بڵێم، کە بەعسییەکانی کوردستان برەو بەو دەستەواژەو چەمکانە دەدەن و وادەکەن ناوی کوردستان بەڕووتی بەکار نەهێنرێ. ئینجا باهەندێك کەس لەدڵپاکی‌و نەزانییەوەش بەکاری بهێنن. ئەو وشەیە، بەداخەوە، هەر بەتەواوی جێگەی ناوی کوردستانی گرتۆتەوە لەهۆیەکانی ڕاگەیاندنی باشووری کوردستاندا. تەنانەت هەندێك کەس کە باسی سەدەکانی ڕابردووش دەکەن، دەڵێن لەهەرێمی کوردستانی عێراق فلان شت هەبوو، یافلان شت ڕوویدا! وەك بڵێی ئێمە هەزار ساڵیش لەمەوبەر هەر عێراقی بووبین! دەیانەوێ لەڕووی سایکۆلۆژییەوە کورد و خاکەکەی لێك هاوێرکەن و بمانکەن بەمێوانێکی (نیشتمانی عەرەب)و ئەو سنوورە دەستکردانەی داگیرکەران سەپاندوویانە بکەنە نەخشی ناو مێشك و دڵی نەوەکانی داهاتوومان.

وشەی (هەرێم) وەکو (شیمال) و (ناوچەی ئۆتۆنۆمی)ی بەعسییەکانە

لەکتێبەکانی سەرەتاییدا ئەم مەسەلەیە زۆر بەزەقی دیارە. لەکتێبی (مێژووی ئیسلام)دا، کە بۆ پۆلی پێنجەمی سەرەتایی دانراوە، لەباسی شەڕی قادسیەدا هاتووە: (بۆیە شەڕی قادسیە سەرکەوتنێکی زۆر مەزن بوو بۆ موسڵمانان وە لەپاش ئەم شەڕەدا سوپای ئیسلام بەرەو کوردستان کشان و بەهۆی شەڕی نەهاوەند کە (فتح الفتوح) ناو دەبرا سوپای ئیسلام گەیشتە کوردستانی عێراق و کوردستانی ئێران). (کتێبی ناوبراو، لاپەڕە ٣١). کەوابێ ئەو سنوورانەی لەنێوان بەشەکانی کوردستاندا هەن ئەزەلین و ئێمەش باب البـاب هەر عێراقی‌و ئێرانی بووین! هیوادارم لەوە بگەن، من هەڵەکانی ناو ئەم تێکستە بچووکەم ڕاست نەکردنەوەو بۆ خوێنەر لێیان گەڕام!

لەکتێبی جوگرافیای پۆلی پێنجەم، بێ پەناو پێچ، باشووری کوردستان بە بەشێك لە(جیهانی عەرەب) دانراوە، چونکە بە بەشێکی ئەزەلیی عێراق حسێب کراوەو عێراقیش پارچەیەکی جیانەبۆوەی نیشتمانی عەرەبە! کتێبەکە سەرتاپای سیخناخە بەو بیرە بۆگەنە. هەر بۆ نموونە، لەلاپەڕە ٢١ی کتێبی ناوبراودا، کە بابەت نیشتمانی عەرەبە، هاتووە: (ڕووبەری عەرەبستان و بەهەرێمی کوردستانی عێراقەوە ١٤ ملیۆن کم٢ و.. هتد) هەروا لەلاپەڕە ٦٢دا هاتووە: (جگە لەنەتەوەی عەرەب **لەجیهانی عەرەبیدا هەندێ نەتەوەی تر هەن وەك کورد لەکوردستانی عێراق**!).

کتێبی مێژووی هاوچەرخ، کە بۆ پۆلی شەشەمی سەرەتایی تەرخان کراوە، هەمووی مێژووی نیشتمانی عەرەبە بەکوردستانی ئێمەشەوە! هەر بۆ نموونە لەلاپەڕە ١٤ دا دەڵێ: (عوسمانییەکان وایان دەزانی کە **نیشتمانی عەرەبیش بەشێکە لەو دەوڵەتە بەکوتەك دامەزراوەی خۆیان، کە جگە لەعەرەب میللەتانی وەك کورد و هی تری گرتبووەوە**..).

ئینجا تۆ بڵێی کوردێکی پاك و دڵسۆز ئەوەی نووسیبێ‌و ئەوە بکاتە بەرنامەی منداڵان؟ نەخێر! ئەو هێرشەی ئێستا لەسەر ناوی کوردستان هەیە دەستی بەعسییەکانی تێدایە، هەرواش حسێبکردنی کوردستان بە بەشێك لەنیشتمانی عەرەب.

ئێمە ئەگەر لەهەندێ بەڵگەنامەشدا هەرێم و عێراق بنووسین، نابێ بیکەینە بنێشتە خۆشەی سەر زاران و هەر لەخۆمانەوە، بێ ئەوەی داوامان لێ کرابێ، منداڵ و مرۆڤی کوردی پێ پەروەردە بکەین. لەهەموو جیهاندا هەر وایە: سکوتلەندا بەشێکە لەبەریتانیا بەڵام قەت نەمان بیستووە شەو و ڕۆژ بڵێن (هەرێمی سکوتلەندای بەریتانیای گەورە)، یان ئەبخازیا کە بەشێکە لەگورجستان کەس ناڵێ (هەرێمی ئەبخازیای گورجستان). یان ڕووسیا لە ٢١ کۆماری فیدراڵ پێکهاتووە، کە هەر یەکێکیان ناوی ڕووتی خۆی هەیە. کەس ناڵێ (کۆماری چیچانی ڕووسیای یەککگرتوو).. هتد. باشە بۆچی دەبێ لەهەموو شوێنێك پێشگری هەرێم و پاشگری عێراق بدەینە پاڵ ناوی کوردستان؟ بۆچی دەبێ خەڵك وا پەروەردە بکەین کە شەرم بکات ناوی کوردستان بەکاربێنێ، یان وابزانێ تاوانێکی کردووە ئەگەر بەبێ ئەو پێشگرو پاشگرە بەکاری بێنێ؟! خۆ خوا نەخواستە ئەمریکا لەبەر ئەوە نییە دەمانپارێزێ، یاخود ڕژێمی عێراق لەبەر ئەوە نییە کە کوردستان داگیر ناکاتەوە.

ئەم مەسەلەیە زۆر گرنگەو من لەگەڵ بەرپرسێکی گەورەدا، کە باوەڕم بەنیازپاکیی هەیە، بەڕاشکاوی باسم کردووە.

*** زۆر لەوانەی پێش ڕاپەڕین لەژێر دەسەڵاتی ڕژێم دا سەریان بۆ بەعس شۆڕ نەکرد دوای ڕاپەڕین یان بێدەنگییان هەڵبژارد، یان چوونە دەرەوە. بەڕای تۆ هۆی ئەوە چییە؟**

– لەو ماوەیەدا کە لەکوردستانم، بەکردەوە هەستم کردووە کە بەعسییەکان دەستیان دەڕوا. بەش بەحاڵی خۆم، من لەگەڵ ئەوەدام کە تەباییەکی گشتی هەبێت. ئەگەر کەسێك ڕۆژێك لەڕۆژان هەڵەیەکی بەرامبەر گەلەکەی خۆشی کردبێ، نابێ وابکەین منداڵ و کەسوکاری ئەو کەسە هەست بەگرێکوێرەی خیانەت بکەن. دەبێ وەك هاووڵاتێك بژین و هەموو مافێکیان هەبێ. لەگەڵ ئەوەدام کەمیللەتی کورد فێرە گیانی لێبوردن بێت. بەڵام نابێ دڵفراوانییەکەمان بگاتە ئەو ڕادەیەی نابەعسییان بدەینە دەست بەعسییەکان. هەندێ شت دەبینم، هیچ گومانم نییە کە بەعس لێرە وەك ڕێکخستن بەهێزە. هەندێ شت دەبینم ئیمکانی نییە بکرێ ئەگەر دەستی ئەوانی تێدا نەبێ. ئەو سیاسەتە پەروەردەیی‌و ئیعلامییەی لێرە پەیڕەو دەکرێ ئارامی لێ هەڵگرتووم.

*** لەوتارەکەتدا سەبارەت بە کوردو میدیا باسی ئەوە دەکەی کە هەندێك لەوانەی خۆیان بەتورکمان دادەنێن کوردن، ئەوە چۆنە؟**

– ئەوە وەنەبێ ڕەتکردنەوەی هەبوونی تورکمانان بێت. من ناڵێم تورکمان لەهەولێر نەبوون یا نین، بەڵام بەو ڕێژەیە نا. من خۆم دەیان کەسی ئەو خۆشناوەتی‌و دەشتی هەولێرە دەناسم کە لەماڵێ بەتورکی قسەیان دەکرد. تورکی زمانی دەستەبژێرێك و زمانی بازاڕ بوو. ساڵەهای ساڵە زمانی ئاستانەو دەوڵەتی عوسمانی بوو. کوردیش، کەزمانی پەراوێز بوو، نەیدەتوانی بەرگە بگرێ. یەك لەخەسڵەتە دیارەکانی زمانی تورکی ئەوەیە کە لەگەڵ زمانەکانی تر هەڵناکا، بەتایبەتیش زمانی گەلێکی خۆ بەکەمگری وەك کورد. زمانی تورکی بۆ ئێمەی نەخۆش و دەردەدار ڤیرۆسێکی ترسناکەو ئەگەر حاڵ وا بڕوا و ئەو ململانێیەی نێوان پارتی‌و یەکیەتی نەوەستێ‌و سنوورێك بۆ گوجیلەکانی ئەتاتورك دانەنرێ، ئەوا ڕۆژێك دێ بەدەردی خەڵکی باکووری کوردستان دەچین! هەڵبەتە بەهیچ شێوەیەك مەبەستم لەو هاونیشتمانە تورکمانانە نییە کە چارەنووسی خۆیان بەستۆتەوە بەچارەنووسی خەڵکی کوردستانەوە. ئەوەی کورد بەخۆی ڕەوا دەبینێ دەبێ بەمانیشی ڕەوا ببینێ. ئەگەر سیاسەتی گلاوی کەمالیستە دڕندەکان نەبێ، تورکومانەکانی کوردستان، بەتایبەتیش هی هەولێر، هەمیشە لەخۆشی‌و ناخۆشیدا هاوبەشمان بوون.

*** هێندەی ئێمە ئاگاداربین وەکو ناوهێنان تەنیا یەك شیعرت بۆ یەك کەس گوتووە ئەویش بۆ بارزانی نەمر، بەڵام شیعرێکیشت بەبێ ناوهێنان لەسەر شڤان پەروەر نووسیوە، چۆن بوو کە ئەو شیعرەت لەسەر شڤان پەروەر نووسی؟**

– خۆتان دەزانن شڤان پەروەر لەحەفتاکان و هەشتاکاندا بەتاقی تەنیا دەوری حیزبێکی دەدیت بۆ هۆشیارکردنەوەی میللەتی کورد. باوەڕناکەم لەوان ساڵاندا کەس بەقەد شڤانی کردبێ.

*** ئێستا لەو شیعرەت پەشیمانی؟**

– نەخێر، لەهیچ شیعرێکی خۆم پەشیمان نیم. بەڵام پێم خۆش نەبوو شڤان خۆی بداتە پاڵ هیچ ڕەنگێك. دەبوایە لەهەندێ شتی عاتفی خۆی زێتر بپارێزێ. ڕەنگە هەندێ لا ئازاری منیشیان دابێ‌و زۆریش، بەڵام مرۆڤی خاوەن دۆز دەبێ چاو لەو شتانە بپۆشێ. نەدەبوایە بۆ چوونە سلێمانی چاوەڕێی داوەتی ڕەسمی بکا. نرخەکە هەرچی با دەبوایە بچێ. ئەمە بینینی منەو ڕێزێکی زۆرم بۆ بڕیاری خۆی هەیە.

*** نهێنی ئەو ئامادەبوونە بێ هاوتایەی جەماوەر لەکوردستان لەکۆڕەکانتدا لەچدا دەبینی؟**

– نازانم. بەڵام دیارە خۆشەویستییەکە دوو سەرەیە. کورد دەڵێ (دڵ ئاگای لەدڵە). هەتا مردن نە ئەو خۆنیشاندانە کولتوورییەی هەولێر لەبیر دەکەم، نەسیمای شیرینی ئەو خوشك و برا ئازیزانەی لەبەر باران، لەدەروازەی شاری سلێمانی، چاوەڕێی هاتنم بوون.

ئەو پێشوازییە گەرمەی هەولێرو سلێمانی‌و کۆیی‌و ڕانیەو دهۆك و جێیەکانی تر ئەرك و بەرپرسایەتیم گرانتر دەکات. هەست بەئازارێکی زۆر دەکەم کەزێترم لەدەست نایێ.

*** بۆچی لەلایەن ڕاگەیاندنی یەکێتییەوە تەعتیم خرایە سەر کۆڕەکانت لەسلێمانی‌و ڕانیەو کۆیی؟**

– ئاگادارنیم کە شتی واکرابێ. ئەگەر کراشبێ ئەو پێشوازییە بێ هاوتایەی خۆشەویستانی ئەو شارانەو شارەکانی تر بریندان سارێژ دەکا. من حسێب بۆ خەڵك دەکەم نەك بۆ دەسەڵات. ئەوەی بەخەیاڵمدا نایێ ئافەرین و خەڵاتی دەسەڵاتی سیاسییە.

*** لەو سەردانەتدا باشووری کوردستانت چۆن بینی؟**

– گۆڕانکاری ماددی لەهەولێرو سلێمانی‌و دهۆکدا بەلای باشەدا کراوە، پێشکەوتنێکی بەرچاویان بەخۆوە بینیوە. هیوادارم عەقلی سیاسیشمان ئاوا گۆڕانکاریی بەسەردا بێ!

*** پاش ئەو سەردانەت بڕیارت نەداوە بەیەکجاری بگەڕێیەوە کوردستان؟**

– جارێ نەخێر.

*** ئەوێت پێخۆشە؟**

– نەخێر، سی ساڵە لەسەفەردام و ماڵم ئوتێلە! بەڵام تا هەلومەرجی کوردستان بەم شێوەیەی ئێستا بێ، ئەوا لەهەندەران زێترم پێ دەکرێ.

*** ڕۆژنامەی میدیا بەلایەنە چاك و خراپەکانییەوە چۆن دەبینی؟**

– پێم خۆشبوو ئەگەر میدیا ناوی حیزبی لەسەر نەبوایە. بریا هێندەی هەڵە تێدانەباو ئەمیش، وەك چاپەمەنییەکانی تری کوردستان، زمان و ڕێنووسەکەی هێندە سەقەت نەبایە. لەگەڵ ئەمەشدا، خۆشحاڵم کەخاوەن زۆرترین ژمارە خوێنەرە. ئەو بابەتانەی لەمیدیا بڵاودەکرێنەوە هەموویان بابەتی گەرمن و دەخوێندرێنەوە. هەموویان جێگەی سەرنج و باسن. پێم وایە ئەگەر میدیا ببێتە هەفتەنامە کەلێنێکی گەورەتر پڕ دەکاتەوە. دەستەیەك نووسەری باش تێیدا دەنووسن بێگومان وەك مرۆڤێکی کوردستانیش زۆربەی بابەتەکانی میدیا جێگەی ڕەزامەندیمن و هەمیشە چاوەڕوانی ژمارەی تازەی دەکەم.

*** پێناسەی ئەوانەمان بەکورتی بۆ بکە:**

+ **ئاڵای کوردستان:** سیمبولی یەکێتی خاکی کوردستانە.

+ **پەرلەمانی کوردستان:** بۆ ئەوەی شایانی ئەو ناوە پیرۆزە بێ، دەبێ بەزووترین کات خۆی‌و خەڵکی کوردستان بەهەڵبژاردن رابێنێ.

+ **براکوژی:** کاتی خۆی وتوومە: بێ شەرەفانە ترین شەڕ شەڕی براکوژییە.

+ **ئەنفال:** بیری قەومیی عەرەبییە لەپراکتیکدا.

+ **دیاربەکر:** کێ دەزانێ؟ ڕەنگە ڕۆژگارێك بێ، ببێتە پایتەختی دەوڵەتی کوردستانی یەکگرتوو.

+ **کەرکوك:** بۆ ئەمڕۆ، دیارترین نیشانەی بردنەوەو دۆڕاندنی هەتاهەتاییمانە. شەڕێکە ئەنجامی هەموو جەنگەکانی داهاتووی پێوە بەندە. مەبەستم زێتر جەنگی مەعنەوییە.

+ **شیمالی عێراق:** پیسترین جنێوە بەکورد دەدرێ.

+ **هەرێم:** هەر (شیمالی عێراق)ەکەیەو لەبەرگێکی تازەدا پێمانی دەفرۆشنەوە.

+ **شارچێتی‌و ناوچەگەرێتی:** ڤیرۆسێکە، لەپزدانی خێڵ گەرای دانا. حیزبحیزبانێش تەشەنەی پێ کرد.

هاواریك بۆ روناکبیران و خوێندکارانی کورد

شێمحەمەد باڵەك

ڕۆناکبیرە کوردو کوردستانیەکان لەوڵاتە ڕۆژئاواییەکاندا، خوێندکارە خوێن گەرمە کوردو کوردستانیەکان لەناوەوەی کوردستان و لەهەرکوێیەکی دنیا هەن.

ڕۆژی حەشرو حیساب لەگەرمێن (باشوور) نزیك بۆتەوە. ئێوە ئەمڕۆ لەبەردەم دادگای سەنگ و بەهای مرۆڤایەتی‌و ویژدان و هەستکردن بەلێپێچانەوەو مێژوودان، تا بڕیارتان لەسەر نەدراوە ئێوە یەکدەنگ بڕیاری خۆتان بدەن. دەرفەتێکەو ئەمڕۆ هەڵکەوتووە، تارمایی سایکس پیکۆیەکی تر لەپشت ئەو دەرفەتەوە دیارە. کوردو کودستانیی سایکس پیکۆی بەری نەخوێندەوارو بێ ئاگابوو. ئەوەی بەسەریدا تێپەڕی زۆر لێی نەگیرا. کوردو کوردستانی سایکس پیکۆی ئەمڕۆ خوێندەوارو ئاگادارە. هیچ بەڵگەو بەهانەیەکی لێ وەرناگیرێ بۆ چوونە ژێر باری ئەو تەجاڵەوە. ئەمڕۆ ڕۆژئاوا بەسەرۆکایەتی ئەمەریکا پێلاوی دروستکردوە لەڕێزو سەرداری ئەو دەوڵەتانەی ناوچە کە بەربەرەکانێی دەکەن. تورکیاو ئێران و عێراق و سوریا دەسکەڕێشەی ڕێزو سەرداریی دەوڵەتییان بەدەست ئەمەریکاوەیە، ئەمەریکا ئەگەر بیەوێ وەڵاتی گەرمێن جارێکی دی بەعێراقەوە نەبەسترێتەوە ئەوا ترسی کورد لەسێ داگیرکەرەکەی دی ترسێکی جنداویانەو شێتانەیە. دەوڵەتی عێراق لەسەرە مەرگدایە، چۆن ئەگەر دەوڵەتی کورد لەنۆژەن دروستبکرێ، دەوڵەتی عێراقی ئایندەش ئاواهی سەر لەنوێ دادەمەزرێتەوە.

دەبێ کورد دە دەوری ئەمەریکا هەڵسوڕێ‌و هەوڵ و تەقەلای خۆی لەگەڵ ئەودا خەرج بکات. عەرەب لەجەنگی جیهانی یەکەمدا کە دەرفەتیان بۆ هەڵکەوت بە یەك وشەش لەسەر یەکپارچەیی خاکی عوسمانییان نەکردەوە، بێ دوو دڵی دەمی چەقۆی تیژی ئاگر ئاسای ئەو قەسابەیان ماچکرد کە کەلاکی پێکدا قووپاوی بۆگەنیوی عوسمانیی یەکپارچەی پارچە پارچە کرد. ئێرانیان دەستیان دەگەڵ مەغۆلو تاتاری جانەوەر تێکەڵ کرد لەدژی عەرەبی هاودینیان بەهیوای ڕزگارکردنی خاکەکەیان.

خۆ خەریك کردن لەگەڵ بەرهەڵستکارانی عێراقیدا فێڵ لەخۆ کردنە. فەقێ باقر کەنوێنەرێکی شیعەکانی عێراقە، هێشتا هیچ نەبووەو لەحوسێنییەکانی تاران هەر ئالی بابەیەتی، پێمان دەڵێ دەبێ گەلی عێراق بڕیار لەسەر فیدرالیەت بدات. هەر کەسێك خۆی هەڵنە فریوێنێ تێدەگات کە ئەمە ڕاگەیاندنی جەنگە بەسەر کورددا. کورد ساڵەهای ساڵە لەجەنگ و بگرەو بەردەدایە تاکە عەرەبێکی پێ بەربار نەبوو کە سەددام حوسێنە، تا حکومی زاتی بدا بەکورد، دەوەرە ١٥ ملیۆن دیکتاتۆری عێراقی بەربارکە تابڕیار لەسەر فیدراڵی بدەن بۆ کورد، بەو ناوە دێو ئاساییەیەوە کەهەموو دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زندەقیان لەتارماییەکەی چووە. دادگایی کردنی وا ڕووینەداوە لەسەر ڕووی زەویندا پرس بەمافخۆرو ماڵخۆرت بکرێ تاخۆ ماف و ماڵەکە هی ئەوە یان هی تۆیە!

ئەی ڕوناکبیرانی کوردو کوردستانی لەدەرەوەی وڵاتدا باسکی مەردانەتان لێ هەڵماڵن و لێی وەخۆ کەون، تا کار لەکاران نەترازاوە لێی هەستن، یەخەی ڕێکخراوی دەوڵەتە یەکگرتووەکان UN بگرن، یەخەی دەوڵەتە بڕیار بەدەستەکان بگرن، داوای پەیمانی مۆرکراویان لێبکەن کە ئەگەر هیچ پرس پێکردنێك هەبوو لەبارەی ئاییندەو چارەنووسی کورد دەبێ پرس بەکورد خۆی بکرێ نەك بەمافخۆرانی، مانگی ٢و ٣ی ٢٠٠٣ وێدەچێ مانگی چارەنووس دیاریکەر بن، هەر کوردێك هێندەی یەك گەردیلەی بۆمبای ئەتۆمی عێراقی ناموسی هەبێت دەبێ هەرچی لەدەستی دێ بیکا لەپێناوی نووسرانی مافی حەڵاڵی خۆی لەچارەو نێوچاوانیدا کە ناوەکەی سەربەخۆییە.

ئەی خوێندکارە بەکارەو خۆ کارەکان، ئێوە چاوو چرای ئەم گەلە شەو کوێر کراوەی سەر سوێی کەندەڵانەن، چاوتان لەسەر یەك دانێن و لەبن پێخەفدا بیری لێبکەنەوە، ئێمە ساڵەهای ساڵە بەدەرس فێری بەرماوخۆری‌و کۆتو زنجیر پەروەری دەکرێین، زنجیری بیرو مێشکتان بپسێنن، ئازاد ئازاد بیر بکەنەوە، نیشتمانێکتان هەیە ٤٥ تا ٥٠ ملیۆن مرۆڤی تێدا دەژی کە گەورەترین گەلی بێدەوڵەتە تائێستا لەسەر ڕووی (کەون)و (کائینات)ی ناسراودا، واز لەمرۆڤ بێنە، کانگۆرۆو کەروێشکەکانی ئوستراڵیا ئەوەندە زۆربن سیستەمێکیان بۆ دادەمەزرێنن.

هاوار ئەی خوێندکارە خوێن گەرم و لەسەر هەستەکان، ئێوە خوشك و برای قارەمانی ئەوانەن کەدوو ساڵێك لەمەوبەر بەدەیان و سەدانیان ئاگریان دەخۆبەردا لەپێناوی سەرکردەیەك کەدواتر پاشگەز بۆوە. بەم زووانە چارەنووسی نیشتمانەکەت بەسەر پردی سیراتی بارودۆخێکدا تێدەپەڕێ کە سەدان و هەزاران سەرکردەو پێشەوای لەناو هەناودا هەبووەو هەیەو دەبێ. تۆ دەتوانی دەورت هەبێ لەپەرینەوە یان پەڕینی چارەنووسی نیشتمانتدا.

ئەی لاوان و شێرە کچانی باوەڕ بەخۆو شایی بەنیشتمان هاتوو وەرنە سەرجادەو شەقامان، داوا بکەن کەدەبێ پرس بەکورد بکرێ لەبارەی بەش و چارەنووسیەوە، پێدابگرن، تین بۆ UN و کۆمەڵگای جیهانی‌و ئەمەریکاو دەوڵەتە بڕیار بەدەستەکانی تری جیهان بێنن، تەنگاویان کەن، گرووپیان لێبگرن، (سینگی) ئێوە (قەلغانی) ئاوڕووی کوردو گەلی کوردستان بوو، ئێستاو ئاییندەش دەبێ هەر وابێ. ئەمە کێشەی چارەنووسی کوردستان و کوردە، کێشەی حیزبەکەم و حیزبەکەت و حیزبەکەی نییە، تۆ سەر بەهەر حیزب وبیروباوەڕو دین و زاراوەو هۆزو بەرو بەرەبابو تەنانەت نەتەوەو کەمە نەتەوەییکی، تۆ کوردستانیی، ئەم کێشەیە کێشەی ئاوڕووەو تۆی هوشیارو بەئاگا بەرپرسی ژمارەیەکی تێیدا، کەمتەرخەمی کردنت بەهەر ئەندازەیەك بێ لەهەڕەت و گۆنەڵی خۆیدا، مێژوو دەیکاتە ماڵ بەسەرتەوە. ئەی کوڕانی بەرپرس و کاربەدەستان قوربانی دەستوبازووی نازتانبم ئێوەش نەك هەر نابێ بەرهەڵستی خۆشك و برایەی خوێندکارەکانتان بکەن بەڵکو دەبێ دەگەڵ ئەوان بێنە مەیدان بێ ترس و دوو دڵی، هەروەك چۆن لەڕاپەڕینی شکۆدارو ئەزموونی ساوادا باوکانی چینی چەوساوەپەروەری ئێوە پشکی شێریان هەبوو -کە خۆشیان نازانن شکۆدار بەری چ دارێکەو ئەزموونی ساوا بەچکەی چ مەیموونێکە- بڕوا بفەرموون لەئەزموونی فراژوو و کوردستانی سەربەخۆشدا پشکی بەوریان دەبێ لەئەزموونی فراژووشدا کوڕو کچانی جیاوازیخوازانی بۆرجوازی‌و ڕەشە خەڵك و کاسبکاران هەر ماندوو بوون و کوێرەوەریان دەکیسدا دەمێنێتەوە، بەڵام وەکو گوتمان ئەمە مەسەلەی ئاوڕووە نەك مەسەلەی کیس، ئەوانەی بەکیسیانەوە گرتووە با هەر پیرۆزی خۆیان بێ. ئەی خوێندکارانی وریاو لەسەر هەست، دایك و باوك و کەس و کارو خزم و دۆست و ناسیارانی خۆتان ئاگادارو هوشیار بکەنەوە کە ئەگەر هیچ راوەرگرتنێك هاتە گۆڕێ بارەدی بۆ سەربەخۆیی کوردستان بدەن.

ئەی کچان و لاوانی خوێندکار لەهەموو پارچەکانی کوردستاندا ئێوە هەروەکو لەزۆر بۆنەدا لەخوشك و برایانی گەرمێنیتان جێنەماون لەداواکردنی مافەکانی، ئەمجارەش ئەگەر پێشیان نەکەون نابێ لێیان بەجێ بمێنن. ئەی بەچکە شێرانی سەربەخۆیی خواز لەدیاربەکرو وان و جۆلەمێرگ و ماردین و سێرت و خەرپووت و بتلیس و حەفرین و سیواس و مەلازگردو موش و جزیرەو ئۆرفەو مەرەش و بایەزیدو حەسەکەو قامیشلی. کچان و لاوانی زیرەك و هوشیار لەسابلاغ و بۆکان و شنۆو سەردەشت و خانێ‌و بانێ سەقزو سنەو نەغەدەو میاندواو کەرماشان و ئیلام و پاوەو مەریوان و قەسری شیرین و جوانڕۆو سەرپێڵی زەهاوو بێجاڕو کامیاران و تیلەکۆو خوڕەم ئابادو هەموو شارو شارەدێ‌و کون و قوژبنەکانی کوردستان. ئێوە خەنجەرو بێژەرو قسەکەرو بڵیندگۆو پەیمێردی گەلن، لەم کاتە پێویست و لەترکزەیەدا هوشیارو لەسەر هەست بن و هەر کەپێویستی کرد داڕژێنە سەر شەقام و خیابانان، دەنگی نیازو ئاواتتان بەرز کەنەوە ڕوو بەدەوڵەتە یەکگرتووەکان UNو قامچی بەدەستانی کۆن و نوێی ناوچە، داوا بکەن پرس بەکورد بکرێ بۆ دیاری کردنی چارەنووسی خۆی نەك بەداگیرکەری کوردستان. ئێوە کەخۆڕاگریتان لێبدیتریت سیاسەتمەدارانیشمان نەك هەر پێشگیریتان لێناکەن بەڵکو وەدوای ئیرادەی توندوو بەندی ئێوە دەکەون. لێرەدا خراپ نییە کە ئەم نموونەیەی دواوە بهێنینەوە: بەهاری ١٩٩١ دەمی دابەزینی پێشمەرگە لەشاخانەوە بۆ شاران، کچێکی بن لەبا هەر بۆ ئەوەی دەگمەن دەرکەوێ، ئاڵایێکی کوردستانی لەسەر پشتەبانی ماڵەکەی هەڵدا، حیزبەکانی ناو بەرەی کوردستانی گەفیان لێکردن، کچە لەسەرەتاوە خۆ ڕاگرانە گوێی پێنەدان، بەرەی کوردستانیش لەبەر ڕای خەڵك گەفەکەی خۆی جێبەجێ نەکرد. ئیتر وردە وردە ڕقی ئاڵا لەدڵی بەرەی کوردستانی چۆ دەرەوەو هەر یەك یەك و دوو دوو حیزبەکانی ناو بەرەو حیزبە تازەکان ئاڵایان هەڵدا تاوای لێهات ئاڵا بوو بەڕەسمی‌و لەسەر خوێندنگاو دائیرەی ئەوانەش هەڵدرا کەدوژمنی بوون. دواتر بەداخەوە کچە بەخششەی دۆلار هاتە با-و ڕەدووکەوت، پاشین بیستمەوە کە ئەو بەمراد گەیشتنە درێژەی نەکێشاو کچەی گۆڕین خۆی لەبەر هەوێیە لەبلەبان و چارداو ڕووەکان ڕانەگرت و تالۆقەکرا. ئیتر بەم گوتەیەی مامۆستای گەورە مەسعوود محەمەد کۆتایی پێدێنین کە دەیفەرموو: (دەتوانم ئیسپاتی بکەم هەر میللەتێك دەوڵەتی نەبێت ئەخلاقیشی نییە).

باڵەکایەتی/ وەلژێ
٢٠٠٣/١/٣٠